# ئەزموونی هونەریی بەهجەت یەحیا

نووسینی: دکتۆر فوئاد ڕەشید

٢٠١٤

هونەرمەند بەهجەت یەحیا تەنها حەز و دەنگخۆشی نییە، بەڵکوو ئەزموونەکەی لەسەر بنەمایەکی مەعریفی و دیدێکی ڕووناکبیرانە دامەزراوە و خاوەنی هونەرێکی پەیامدارە، ئەو لە ڕێگەی هونەری گۆرانییەوە لەگەڵ ناخی مرۆڤ دەدوێت و لە دەرگای ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان دەدات، بە هۆشمەندییەوە مامەڵە لەگەڵ هونەر دەکات و جگە لە دەربڕینی هەست و سۆز، ئەو وامان لێ دەکات لە ژیان ڕابمێنین و قسە لەسەر تەمەن و زەمەن و تەنیایی و ئاسودەیی و ئەوین و ئەمەک و مان و نەمان بکەین، هەر ئەمەشە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کارەکانی، تەنها بۆ نموونە و وەبیرهێنانەوە دەبینین لە گۆرانیی بەتەنها لەگەڵ دڵمدا، کە هۆنراوە و ئاوازی خۆیەتی، لە ڕێگەی چەند وشەیەکی سادە و لە هەمان کاتدا فرەماناوە باس و بابەتی تەمەن و تەکنەلۆژیای مرۆڤ دەورووژێنێت و لە چەند وێنەیەکی هونەریی جیاوازدا ڕەهەندی کۆمەڵیەتیی بابەتەکە و جیهانبینیی خۆشی دەخاتە ڕوو، ئەمە وەک دەقێکی فەلسەفی وایە، بەڵام فەلسەفەیەک، لە دووتوێی زمانێکی سادە و ئاوازێکی هێمنانە و سۆزێکی گەرمی ئینسانییەوەیە، ئەم کارە هونەرییە لەگەڵ ناخ و دەروون و لەگەڵ ئەقڵیشمان دەدوێت و دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی ژیانسازی و جیهانبینییەکی مرۆڤپەروەرانە، خودی ئەم جۆرە ئەدگارەیە، کە پێمان دەڵێت بەهجەت یەحیا تەنها دەنگخۆشێک نییە، بەڵکوو هونەرمەندێکە لە دیدێکی مەعریفی و مرۆییەوە، ڕوانینەکانی خۆی، پەیامی خۆی ئاراستەی مرۆڤەکان دەکات